# پێشەکی

لەدوو لاوە توركیا جێگەی بایەخێكی گەورەیە: جیۆپۆڵەتیكی و جیۆستراتیجی، ئەمەش بۆتە هۆی دابینكردنی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاو ئیسرائیل لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. توركیا تاكە وولاتی ئیسلامییە كەئەندامی پەیمانی باكوری ئەتڵەسی (ناتۆ)یەو، ڕاستەوخۆش سنوری ووشكانی لەگەڵ نیشتمانی عەرەبیدا هەیە، ئەو سنورەش لەگەڵ دوو دەوڵەتی سەرەكیدایە كە: عێراق سوریایە. عێراق و سوریاش بازنەی تەشەنەكردنی بیری عەرەبی و بەعسیزم و كۆمۆنیزم بونە لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە.

بۆیە هەر لەسەرەتاوە، توركیا هەستی بەڕەهەندە ستراتیجیەكانی ئەو پەیوەندییە كردووە، كە لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست ئەبێت، لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسرائیل لە(١٤ی ئایاری ١٩٤٨)دا، وەك یەكەم وولاتی ئیسلامی، كەخاوەنی زۆرترین مرۆڤی موسڵمانە بەفەرمی دانی نا بەدەوڵەتێكی جولەكە لەسەر خاكی فەلەستین.. هەروەكو سەرۆكی توركیای ئەوكاتە عیسمەت ئینونو(İsmet İnönü) لەمیانەی دانپیانانەكەی بەو دەوڵەتە تازەیە ووتی:

"ئەخوازین پەیوەندییەكی دیبلۆماسی لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا دروست بێت". ئومێدی ئەوەشی كرد، ئیسرائیل ببێتە هەوێنی ئاشتی و ئارامی لەناوچەكەدا" .(Ghaul, 2011, 2)

پەیوەندییەکان هەر لێرەدا نەوەستان، بەڵکو بووە هۆی ڕێککەوتنی سێ خنجەر لەساڵی (١٩٥٨) لەنێوان ئیسرائیل-تورکیا- ئێران دا. ئەم سێ ڕمە پێکەوە، بۆ بەگژاچونەوەی شیوعیەت و بیری عروبەو ڕێگرتن لەسەر هەڵدانی بەعسیزم ڕێککەوتن. گەیشتە ئەوەی پەیوەندیی ستراتیجی هەمەلایەنە لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا ساڵی (١٩٩٦) مۆر بکرێت، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین ڕێککەوتنی گرنگ گرنگی ئابوریی و سەربازیی لەنێوانیاندا چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

بێگومان، نزیکبونەوەو بەرز ڕاگرتنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان لەلایەن تورکیاو ئیسرائیلەوە، بەمانای دورکەوتنەوەو ڕاڕایی زیاترە لەپەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و تورکیادا، زیاتر ئەمە لەدوژمنکاریی سێ قۆڵی (Tri-aggression) دا دەرکەوت بۆ سەر میسر لەساڵی(١٩٥٦)، لەوکاتەدا هەڵوێستی تورکیا پاڵپشتی کردنی ئیسرائیل بوو دژی میسر.. ئینجا تورکیا ساڵی (١٩٥٧) دژی سەربەخۆیی جەزائیر لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەنگیدا، پاشان ڕۆڵی تورکیا لەپەیمانی بەغدا (١٩٥٦) وەك جەنگاوەرێکی ئەمریکی وابو. بنکەی ئەنجەرلیکی ئەمریکی لەتورکیا کرابوەیەوە، بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختی حکومەتی تورکیا ئەمریکیەکان هێزیان ئەبردە سەر عێراق لەساڵی (١٩٥٨). هەروەها زۆر ڕووداوی تر کە بەشێوەی جۆراوجۆر لێکەوتەکانی ئەوەبو دڕودۆنگی و بێزاری وڵاتانی عەرەبی لەتورکیا نیشان بدات (2011National Defense Magazine,).

ساڵی (٢٠٠٢): لەگەڵ هاتنی حزبی دادوگەشەپێدان، بۆ فەرمانڕەوایەتی کردنی ئەو وڵاتە، کاریان لەسەر گەڕانەوەی هاوسەنگی کردو، بڕەویان بەدەورووبەرێکی عەرەبی و ئیسلامیدا.!. کەوتنە دۆزینەوەی

ئەو میکانیزمانەی، کەبۆ هاوسەنگی لەپەیوەندییە دەرەکیەکانیاندا گونجاوە لەگەڵ هەموو جیهانو، بەتایبەتیش ولاَتانی عەرەبیو ئیسلامی.. لەسەرەتاشدا لەگەڵ ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، پەیوەندییەکی ستراتیجییان بۆ بەهێزکردن و کاریگەرکردنی دەرەوە لەسەر ناوەوە گرێدا. ئەو پەیوەندییەشیان دژی دامەزراوەی سەربازیی لەتورکیا بەکارهێنا ، چونکە سوپاکار لەسەر پاراستنی پرەنسیپەکانی ئەتاتۆرك و عیلمانیەت ئەکات. ئینجا هەڵسان بەسەرلەنوێ دارشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەیان لەگەڵ ولاَتانی عەرەبی و دەوروبەر، لاپەڕەیەکی تازەیان لەپەیوەندییە هەرێمایەتیەکاندا هەڵدایەوە.

ساڵی (٢٠٠٣) داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، تورکیای خستە بەردەم چەند گرفتێکی دیکە، بەجۆرێك کەولاَتانی عەرەبی و تورکیا پێکەوە بەرژەوەندیی ئەمنی و ئابوریيان هەبوو، کە ئەگەر سەدام بڕوخێت بەرژەوەندییەکانیان ئەکەوێتە مەترسییەوە"بەلای کەمی مەسەلەی کورد پێش ئەکەوێت". پاش دەستوەردانی سەربازیی و هەواڵگریی ئیسرائیل لەکوردوستانی عێراق، بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا تووشی هەڕەشە بۆیەوە. میدیای تورکی ئەمریکایان ڕەخنەباران کرد ، بەشێوەیەکیش گریمانەیان ئەکرد ، ئیتر کورد لەباکوری عێراق جیا ئەبێتەوە، ئەمەش کوردی تورکیا هۆشیار ئەکاتەوە داوای جیابونەوە بکەن، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی میت"ئیمرا تەنەر" ڕایگەیاند: تورکیا بووەتە بەشێکی توند لەم گەمە نیشتمانییەو، ئاماژەی بەو هێزانەیان کرد کەلەسنورەکانی باکوری عێراق دایانناوە (Ghaul, 2011, 109)

مەسەلەی سوربونی تورکیا لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ فەلەستینیەکانو، داوای شکاندنی ئابڵوقە لەسەر غەززەو کەدوژمنکارییە لە(کانونی یەکەمی ۲۰۰۸)دا بووە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە (۱۵۰۰) فەلەستینی و، بەردەوام پشتیوانی کردنی فەلەستینیەکان لەلایەن ئەردۆگانەوە، بەتەواوی ئیسرائیل بێزارکرد، لە ووتەکانیدا ئەردۆگان زاراوەی "تیرۆری دەوڵەت"ی دژی ئیسرائیل بەکارهێنا، تا دواجاریش لەمونتەدای داڤۆس سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان" لە(۲۵/۱/۲۰۰۹) بەتوندی هێرشی کردە سەر سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل "شیمۆن پیریز"و، کۆبونەوەکەشی بەجێهێشت .(Balci& Kardaş, 2012, 109)

بەگشتیش، ماوەی نێوان سالآنی (۲۰۱۰-۲۰۱۵) ماوەیەکی تاریك و چۆڵە لەپەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان ئەم دوو یەکە هەرێمیە، توێژینەوەکە خۆی بۆ گۆڕانکاریی نێوخۆیی و دەرەکی لەسیاسەتی هەردوولاو، پرسی ووزە لەکوردوستانی عێراق و ڕۆژهەلآتی دەریای سپی ناوەڕاست و، قەیرانی داعش و، هاتنی ڕووسیا بۆ سوریاو، سەرلەنوێ دەنگۆی نزیکبونەوەی تورکیاو ئیسرائیل، تەرخان کردووە.

## کێشەی لێکۆڵینەوەکە

پەیوەندیی تورکی و ئیسرائیلی لەمێژوودا، بریتی لەزنجیرە شەپۆلێك لەرەلەرو هەڵبەزو دابەز، ئەوەش بەندە بەهەندێك فاکتەر لەگۆڕانکارییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکاندا. تورکیا شوێن پەیوەندییەکانی خۆی کەوتووە لەگەڵ ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو ئیسرائیل، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورەی ئابوریی و سەربازیی و بازرگانی و شتی دیکە. بەلآم

لەگەڵ هاتنی حزبی دادوگەشەپێدان بۆ لوتکەی حوکمڕانی لەتورکیا، ئەمانە هەموو گۆڕا. سیاسەتی تورکیایان والێکرد ڕووەو خۆی بێت و پشت بە "قوولاّیی ستراتیجی" ببەستێت. بەو ئامانجەی نماینەدەی ولاّتانی ناوەڕاستی ئاسیاو دەوڵەتانی ئیسلامی و دەوروبەریش بکات. وەکو ڕابەرێکی ئیقلیمی گەورەی لێ بکەن. ئەمەش بەخراپ بۆ سەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل شکایەوە.

ئاشکرابونی گرژیی و دڵەڕاوکێکان لەپەیوەندییەکانی هەردوولادا، لەداگیرکردنی عێراق ساڵی (٢٠٠٣) ەوە دەست پێدەکات، کە سەرەتا پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی نەدا سەربازی ئەمریکی لەخاکەکەیەوە پەلاماری عێراق بدەن، تا ئەگاتە ئابلۆقەکانی سەر کەرتی غەززە، ئینجا نزیکبونەوەو موجامەلەکردنی ولاّتانی عەرەبی لەلایەن تورکیاوە، نەفی کردنی جەنگی لوبنان لە(٢٠٠٦)، ئەوسا پەلاماردانی کەرتی غەززە کە تیایدا ئەنقەرە حکومەتی ئیسرائیلی بەتیرۆریست ناوزەند کرد، پاشان لایەنگیریی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، تورکیا هەنگاوی بۆ بەیەك گەیاندنی ئێران و بەرازیل هاویشت لەمەسەلەی چەکی ئەتۆمی دا، پاشان مەتبونی پەیوەندییەکان لەچوارچێوەی بەهاری عەرەبی دا،کە تورکیا ئەو ڕۆڵەی تیا نەبینی، پاشان هاتنی داعش و بێدەنگ مانەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، ئینجا دروستکردنی هاوپەیمانی سوونی دژی داعش و، هەڵگەرانەوەی تیرۆر بەگژی تورکیاداو...... بۆ دوایی.

کەواتە: دواجار کێشەی لێکۆڵینەوەکە، ئەوە ئەبێت کە: ئاسان نییە، لەناو ئەم ژینگەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا، بەتایبەت لەسەردەمی دەستەلاّتی حزبی دادوگەشەپێداندا. متمانە بەڕێبازی ئەم پەیوەندییە دووقۆڵییە بکرێت. یاخود لەدوای قەیرانی کەشتی غەززەو، لێکەوتەکانی

**بەهاری عەرەبییەوە بەدیاریکراوی و بەو ئاسانیە ئایندەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بزانرێت. یەکێکی تر لەگرفتە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەبو، زۆربەی ئەو سەرچاوانەی بەردەست بون، لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل ماوەکەی لەنێوان سالآنی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) و (٢٠٠٢-٢٠١٠) و (٢٠٠٢-٢٠١١) بوو.**

**بەهەمان شێوە، پرسیارو ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بۆچەند خالێك کورتکراونەتەوە:**

**یەکەم: چوونە بنج و بنەوانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل و، شێوازی دروستبونیان.**

**دووەم: ناساندنی ئەو کەرەستەو پێداویستییە نێوخۆیی و دەرەکیانەی، وائەکەن ئەم دوو ولآتە پەیوەندیی بگرن.**

**سێهەم: دەستکەوتنی زانیاری سەبارەت بەدروستبونی حزبی دادوگەشەپێدانی تورکی و، پێشینەی کاری ئیسلامی سیاسی وەك حزب لەو ولآتە.**

**چوارەم: خستنە ڕووی ئاستی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان ئەنقەرەو تەلئەبیب، لەسەردەمی ئاکپارتیدا.**

**پێنجەم: ئاشکراکردنی ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەچەند سیناریۆیەکی جیاجیادا، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی ئاکپارتی بۆ جاری چوارەم لەهەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی ولآتەکەیدا.**

**لەمەش زیاتر، وەك مەرجێکی زانستی، ئەم توێژینەوەیە، وەکو توێژەر (یسری عبدالرحیم الغول، جامعه الازهر، ٢٠١١) پاڵپشتی ئەکات، ئەبێتە وەڵامدەری چەند پرسیارێکی گرنگ:**

ئایا کاریگەریو لێکەوتەکانی سەرکەوتنی حزبی دادوگەشەپێدانی تورکی (٢٠٠٢-٢٠١٥) لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل چیە؟

ئەم پرسیارەش لەهەناوی خۆیدا، دابەش ئەبێت بۆ سۆراخ کردنی چەند پرسێکی لاوەکی تر:

*رەگوڕیشەی دروستبونو فاکتەرەکانی گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی تورکیاو ئیسرائیل چیە؟.

*تایبەتمەندییە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی هەردوو ولاَت، ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێبازی پەیوەندییەکان چۆن بووە؟.

*بنەمای مێژوویی بۆ دروستبونی حزبی دادوگەشەپێدانی تورکی چیە؟.

*ژینگە و بارودۆخ ڕۆڵی چییان هەبووە لەسەر ئەم گەشەسەندنەی؟.

*ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەسەردەستی حزبی دادوگەشەپێدان چی ئەبێت؟.

چوارچێوەو سنورەکانی لێکۆڵینەوەکە

دروستکردنی چوارچێوەیەك بۆ هەر توێژینەوەیەك بایەخێگی گرنگی هەیە. لێرەدا بەگشتی ڕەچاوی سنوری "بابەتی" و "کات " و "شوێن" کراوە. بۆ نمونە: لەڕووی بابەتییەوە، لەسەر ئەو خالاَنە وەستاوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر ڕێبازی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان، وەکو: ڕێشەو مێژووی پەیوەندییەکان، سروشتی کاری حزبایەتی لەهەردوولاو، گۆڕانکارییە هەرێمایەتیەکان و، ئالوگۆرە بازرگانیەکان و، پەیوەندییە سەربازیی و هەوالگرییەکان و، دیبلۆماسیەتی تورکی و ئیسرائیلی بەپێی جیۆپۆلەتیکی هەردوولا.. ئەمانە هەموویان بەشداری ڕاستەوخۆیان هەیەو ئەکەونە ناو سنوری ئەو چوارچێوەیەی کە توێژینەوەکە لەسەری ڕائەمێنێت.

لەڕووی کاتەوە لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠١٥)دا، لەم بازنەیەدا هەر پێشهات و باسێك پێویستی کردبێت، بەئەندازەی خۆی تیشکی خراوەتە سەر، بۆنمونە:

گەشەسەندنی پرسی کورد لەتورکیا، زیادو کەمکردنی پەیوەندییە ئابوریی و سەربازیی و دیبلۆماسیەکان، پەرەسەندنی ئیسلامی ڕادیکاڵ، سەرهەڵدانی جەنگ لەسوریا، سەرهەڵدانی تیرۆریزم (داعش) لەناوچەکەدا.. هەروەها لەسەر پرسی ووزەو ستراتیژیی نوێی ڕووسیا لەسوریا هەڵوەستەیەکی کردووە. لەمانە بترازێت باسەکە خۆی لەهەندێك مەسەلە بواردووەو، تا قەبارەو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە بەشتی لاوەکییەوە سەرقاڵ نەکات.

میتۆد بۆ توێژینەوەکە

بەپێچەوانەی ئەو پرۆسە زانستیانەی کار لەسەر چەندێتی و شیکردنەوەی داتاو ئامار ئەکەن، ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بەجۆرێتی یان کوالێتی شیکردنەوە ( التحليل النوعي- qualitative analysis). لێرەدا مانایەکی جێگیر بۆ شێوازی کوالێتی لەلێکۆڵینەوەدا نییە، "ڤان مانین (Van Maanen, 1979) لایوایە، میتۆدی لێکۆڵینەوە بەپێی کوالێتی بریتی یە: لەبەکارهێنانی چەند تەکنیکێکی جۆراوجۆر بۆ هەوڵی وەسفکردنی بابەتێك، یان بۆ شکاندنی چەند کۆدێك، وە یاخود بۆ وەرگێڕان و تێگەیشتن لەمەلەفێك، ئیتر بەپێی چەمکەکان گوزارشتەکان ئەگۆڕێت..". بەم پێیەش لەزانستە کۆمەڵایەتیەکاندا سانسۆر لەسەر دیاردەیەك نییە کەزۆر یان کەم قسەیان لەسەر ئەکرێت. گرتنەبەری میتۆدی کوالێتی واتای لێکۆڵینەوەیە لەڕەفتاریی مرۆڤەکان، سیاسەتیش جگە لەڕەفتاری

دەوڵەت و کەسەکان شتێکی تر نییە. وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە کە یەکە سیاسییەکان لەهەر ژینگەیەکدا دروستی ئەکەن، چارەسەرییان بۆ دابین ئەکات، بۆچی سیستەمە جیاوازەکان ئاوها مامەڵە ئەکەن ؟. ئینجا ئەو فاکتەرانە ئاشکرا ئەکات کە ئەبنە هۆی پەیوەندیی گرتن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا.

بۆ ئەم مەبەستەش، لێکۆڵینەوەکە بۆئەوەی بابەتێکی تەکنیکی پێشکەوتوو بێت، لەڕووی تیۆرییەوە وەك ئامرازێك پشتی بەستووە، بەچەند کتێبخانەیەکی تایبەت بۆ سەرچاوەی پێویست، وەکو: کتێب، ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسرائیلی و ئەمریکی، ڕاپۆرتی سالآنە لەبارەی کێشەو ململانێکان بۆ نمونە" ڕاپۆرتی ستراتیجی فەلەستین" کە سالآنە ناوەندی زەیتونە بۆ توێژینەوەی ستراتیجی ئامادەی ئەکات، هەروەها گۆڤارو ڕۆژنامە، پاشان میدیا باوەڕپێکراوو بەناوبانگەکانی جیهان وەکو: ئەلجەزیرە، بی بی سی، سکای نیوز.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پرۆسەیە، بۆ پاڵپشتی کردنی خۆی و، ناسینی زیاتری چەمکەکان، دوو سەرچاوەی وەك گرنگی بەهەند وەرگرتووە، بەزمانی ئینگلیزیی (Balci and kardaş, 2012) و بەزمانی عەرەبیش (یسری عبدالرحیم الغول، ٢٠١١).کە زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەدوای جەنگی ساردو (١١) ی سێپتەمبەرو، ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبییەوە. ئەمەش بۆ خزمەتی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە گرنگە.

هەروەها تیۆرێکی گونجاو دەستنیشان کراوە، کە بەسەر توێژینەوەکەدا جێبەجێ ئەبێت بریتییە لە" بالآنسی هێز". لەناو ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا "بالآنسی هێز" ڕەهەندێکی گرنگی ناسینەوەی هێزە،

لەڕێگەی پاراستنی بالآنسی هێزو بەرژەوەندییەوە، هەر دەوڵەتێك زۆرترین هێزی نیشتمانی خۆی بەکار ئەهێنێت لەسەر حیسابی ئەوانی تر، وە سەقامگیریش مسۆگەر ئەکات بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی خۆی. بەواتایەکی تر دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆرییە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەڕۆڵی تورکیاو ئیسرائیل لەبەر ڕۆشنایی ژینگەی هەرێمایەتی و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکانیانەوە.

## هەندێك هەوڵی پێشوو تر

پیاچونەوەی چەندین کتێب و هەوڵی دیکە سەبارەت بەپەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەناوچەکەدا، گرنگی خۆی هەیە. چونکە ئەمە تاکە هەوڵێك نییەو، بەدەریش نییە لەکەموکورتی "لەڕاستیدا بەزمانی کوردی شتێکی ئەوتۆی دانسقەمان بەردەست نەکەوت". لەڕاستیدا ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەو، کاریگەرییان لەسەر ولآتانی عەرەبیو، هاتنی دادوگەشەپێدان بۆ دەستەلآت لەتورکیاو، هەوڵدانی بۆ پاراستنی هاوسەنگی لەم نێوانەدا، ئەرکێکی قورسەو، جورئەتێکی ئەوێت توێژەرێك بەتەنها بڕیاری لێوە بدات، چونکە ئەم دەوڵەتە نەك هەر هێزی گەورەی ناوچەیین و، بەپێی ستانداردی جیهانی دوو ولآتی دیموکراتیشن، بەڵکو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی هێزی جۆراوجۆری دیکەن.. بۆیە لێرەدا خستنە ڕووی چەند سەرچاوەو هەوڵێکی هاوپەیوەند، کە هەریەکەو لەگۆشەیەکەوەو بەمیتۆدێك باسی کردووە وەك مەرجەعیەتێکی زانستی لێدێت:

لەئیسرائیلدا، یەکێك لەدیارترین توێژەرە ئیسرائیلیەکان، "ئیفرایم عەنبەر" کە بەردەوام سەبارەت بەپەیوەندییە دووقۆڵییەکان قسەی کردووە، یەکێك لەپەیپەرە زانستیەکانی بەناونیشانی **"تورکیاو ئیسرائیل**

**لەبەردەم ڕاڕایی و بارگرژیدا"**، ساڵی (٢٠١٠) لەگۆڤاری کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل بلاۆیکردۆتەوە".

عەنبەر، لێکۆڵەرێکی جولەکەیەو، بەڕێوەبەری سەنتەری بیغنە بۆ لێکۆڵینەوە، بەسەر سوڕمانەوە ئەپرسێت: حکومەتی تورکی لەوە تێ دەگات بەرژەوەندییە هەرێمایەتیەکانی وا ئەخوازێت، پەیوەندییەکی تەندروستی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، بەلاّم بۆچی تورکیا پێشوازی لەدیکتاتۆرەکانی: تاران و دیمەشق و غەززە ئەکات و، پشت ئەکاتە دیموکراتیەتی ئیسرائیل؟. ئیفرایم لایوایە پەیوەندیگرتنی ئیسرائیل لەگەڵ تورکیای سەردەمی حزبی دادوگەشەپێداندا، سەختەو، جێگیریی بەخۆیەوە نابینێت (Inbar, 2011, p, 3). هەروەها لەدەرەنجامی قسەکانیدا گەیشتووە بەوەی بڵێت: پەیوەندیی تورکیای ئەردۆگانی لەگەڵ ئیسرائیل لەو شوێنەدا زۆر زەحمەتە، کە پێشوتر چەندین بابەتی هەستیاری وەك ڕێککەوتننامەی چەك و تەقەمەنی و هەواڵگریی لەگەڵ تورکیادا هەبووەو، هەیە.

ئەیەوێت بڵێت: تورکیا لەقەیرانی ناسنامەدا ئەژی و، گەڕانەوەی تورکیاش بۆ ئیسلام لەسەردەستی حزبی فەرمانڕەوا "ئاکپارتی" لێدانە لەخودی هاولاّتیانی تورکیا، ئەوجا گورزێکیشە بۆ ئیسرائیل و خۆرئاوا. زۆرجار گرفتی عەنبەر لەوەدایە وەکو جولەکەیەك ئەنوسێت, هەمیشە هیوای بە تورکیایەك نییە لەسەردەمی حوکمڕانی ئاکپارتی دا.

لەبارەی پێداگیریی تورکیا لەسەر پاڵپشتی کردنی فەلەستین (ڕاپۆرتی ستراتیجی فەلەستینی،٢٠١٠): یەکێکی ترە لەو دۆکۆمێنتە گرنگانەی پشتی پێ ئەبەسترێت، کەڕاپۆرتی ساڵانەی ستراتیجی فەلەستینە، کەهی هەر ساڵێکیان سەدان لاپەڕەیە. ڕاپۆرتی ساڵی

(٢٠١٠)ش باس لەڕووداوە گەرمەکان ئەکات، کەبەشێکی: فشار خستنە سەر کەرتی غەززەو، هەڵوێستەکانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان"ە. تیایدا ئەردۆگان وەك پاڵەوانێکی ئیسلامیو سەرکردەیەکی ئیقلیمی ناسێنراوە، لەکاتێکدا سەدان ژن و منداڵی فەلەستینی کوژران و، خانووەکانیان ڕووخێنرا، هەموو سەرۆك و بەرپرسانی عەرەب بێدەنگ بون، ناوەندی بڕیاری تورکیا لەسەردەستی ئاکپارتی یەکپارچە هێرشی توندیان کردە سەر حکومەتی ئیسرائیل و، بەتیرۆریست و فاشیست ناویان دەبردن.

کەموکورتی ئەم ڕاپۆرتە لەناوەڕۆکەکەیدا، ئەوەیە: تەنها ئەژمارکردنو نوسینەوەی ڕووداوەکانی ئەو ساڵەیە، لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی جیهانی دەوروبەر دژ بەستەمی هێزەکانی ئیسرائیل بەرانبەر گەلی فەلەستین نواندویانە. واتە شیکردنەوەو ئارگۆمێنتێك نییە کە لێکەوتەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستانە چۆنن؟. بۆچی تورکیا لەسەردەمی ئاکپارتیدا بووەتە خۆی کردۆتە خاوەنی فەلەستینیەکانو، بۆ منداڵی فەلەستینیەکان فرمێسك ئەڕێژێت؟. ئەوە نانوسێت کەبۆچی هەردوو بزوتنەوەی فەتح و حەماسی فەلەستینی خەریکی شەڕی نێوخۆیینو، ئیسرائیلیش بۆمبارانیان ئەکات؟. لەویلایەتە یەکگرتوەکان، لێکۆڵینەوەی (Galen Olson,2013) مان دەست کەوتووە، لەزانکۆی "بوستن" پێشکەش کراوە.

جیهانبینی ئەم بابەتە، فراوانترو جیاواز ترە لەوانی تر، چونکە هەم لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی نوسراوە، هەم لایەنەکانی باسوخواسی توێژینەوەکە سێ یەکەی نێودەوڵەتی گرنگن کە: ئەمریکاو تورکیاو ئیسرائیلە. هەرسێکیان بەیەکەوە گرێدراون، لێکۆڵینەوەکە وای

جێگیرکردووە، هەموو پەیوەندییەکی تورکیاو ئیسرائیل لەسەر خواستی ئەمریکا بووە "ئەمریکا لەسەر خوانی هەردوولا بونی هەیە".

ئەم کتێبە ئەوە ڕاسپاردە ئەکات، کەبۆ ئیدارەی ئۆباما پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل زۆر گرنگن، هەروەك تێك چونیشی بۆ ئەمریکا مەترسیدارە، لەبەرئەوەی تورکیا خاوەنی نفوسێکی هەرێمایەتی گەورەیە، ئەبێتە هۆی دابڕانی ئیسرائیل لەناوچەکە، کە گەلێك کێشەی گەرمتری تێدایە، وەکو دۆزینەوەی غازی سروشتی لەڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، کێشەی ئەتۆمی ئێران‌و دەستوەردانەکانی لەناوچەکە، هەروەها بەگژاچونەوەی هەژمونی ڕووسیا لەخۆرهەڵات، کێشەی قوبرسی یۆنانی‌و ئایندەی هاوپەیمانێتیەکان لەخۆرهەڵات بەگشتی (Olson, 2013, p. 38). بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا تووشی ناکۆکی بن لەگەڵ یەکتر، ئەبێتە هۆی دابڕانی ئەمریکا لەناوچەکە. بەپێی دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئێستا لەمیکانیزم‌و دەرفەتێك ئەگەڕێت، تا پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل ئاسایی بکاتەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە گرێیان بداتەوە.

دیسان، یەکێك لەکەموکورتیەکانی ئەم توێژینەوەیەش، لێك نەدانەوەی بەرەوپێش چونەکانی سیاسەتی ئیسرائیلە لەدەرەنجامی قەیرانی داعش و تیرۆریزم لەناوچەکەدا. هەروەك بارودۆخی نێوخۆیی تورکیای لەبیرکردووە، وەکو ترسی دامەزراوەی مەدەنی لەسوپاو، کێشەی کوردو، گەشەسەندنی جۆرەها جولانەوەی ئیسلامی لەتورکیا، ئایا ئیسرائیل متمانە بەتورکیا ئەکات لەسەردەمی حزبی دادوگەشەپێدان دا؟.

لەڕووی سەربازییەوە، هەندێك لەلێکۆڵەرەکان لایانوایە، تورکیاو ئیسرائیل کەسنوری ئاوییان هەیە لەدەریای سپی ناوەڕاست. پێویستی

هەنووکەییان بەیەکترە، تا لەناوچەکەدا زۆر دیاردەو پێشهات پێکەوە داخ بکەن. بۆنمونە، پارتی کرێکارانی کوردوستان "پەکەکە" یەکێکە لەپاڵنەرەکانی پێویستی بونی تورکیا بەئیسرائیل لەڕووی سەربازییەوە، بەتایبەت لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠-٢٠٠٣)دا. بەپێی (هشام عبدالعزیز،٢٠١١) کەجەخت لەسەر پەیوەندییە سەربازییەکانی هەردوولا ئەکاتەوە، لایوایە ئیسرائیل خوازیارە تورکیا هێزێکی سەربازیی پێشکەوتووی هەبێت، یارمەتیشی بدات تا لەو ڕووەوە بگاتە ئاستێکی جیهانی. ڕۆشنتر لەمە ئیسرائیل تورکیا وەك یەکەیەکی سەربازیی پتەو لەبەردەم خۆیدا دابنات لەناوچەکەدا. لەبەرانبەریشدا سوپای تورکیا پشت بەسوپاو تەکنیکی ئیسرائیل ئەبەستێت، ئەمەش سیاسەتی تورکیا ئەخاتە بەردەم بیرکردنەوە بەپێی بەرژەوەندییە ئەمنیەکانی ئیسرائیل.

بەهەمان شێوە (عەلی بەلکی و تونجای کارداش، ٢٠١٢) لە باسی " دینامیکیەتی گۆڕاو لەپەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل" ( The Changing Dynamics of Turkey’s Relations with Israel) ئەوە نیشان ئەدەن کەسوپای تورکی شەرعیەت بە پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەدات، بەهۆکاری لۆژیکی لەوانە: نوێکردنەوەی هەموو پێداویستیە سەربازییەکان، هەروەها ململانێی نێوخۆیی سوپاو حکومەت لەتورکیا کاریگەریی لەسەر ئاستی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان داناوە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە هاوپەیمانی تورکیاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل مۆرکی سوپای لێدراوە. "ئەمە لەکاتێکدا، ئیفرایم عەنبەر لایوابو، ئەگەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی دادوگەشەپێداندا، ئیسرائیل ترسێکی هەبێت ئەوەیە کەژمارەیەك

ڕێککەوتنی هەواڵگریی و سەربازیی زۆری لەگەڵ تورکیا هەبووەو هەیە".

بەگشتی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە، بەشدارییەکە لەمەڕ تێگەیشتنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠١٥) کە ئەکرێت چەند گریمانە "فەرەزیە"یەکی هەبێت، لەوانە: هەر پەیوەندییەکی تورکیا لەگەڵ ولاَتانی عەرەبی و ئیسلامییان ئێران، لەسەر حیسابی ئەو پەیوەندییە ئەبێت کە لەگەڵ ئیسرائیل هەیەتی. لەلایەکی ترەوە تورکیا هەوڵ ئەدات، یاریکەرێکی سەرەکی بێت لەڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا، ئەوەش بەسوود وەرگرتن لەپێگەی جیۆستراتیجی خۆی، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ولاَتانی عەرەبی و ئیسرائیل. بەمەشدا دەربکەوێت کە: کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠١٥)دا هەبووە. ئەوەش بەهۆی سیاسەتی حوکمڕانی حزبی دادوگەشەپێدانەوە، کەپێویستە هاوسەنگی ڕابگرێت لەبەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبیدا.

ڕەنگە هەوڵەکان بەگشتی، توێژینەوە بوبن لەماوەی سالاَنی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل یان دوای جەنگی سارد، بەلاَم ئەم باسەی ئێمە بابەتێکی تازە ترە لەدوای دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی و قەیرانی داعش لەناوچەکە، نوسراوە.